# یاسای نوێ

## هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی شارەوانی و پەرلەمانی پارێزگا ٢٠٠٣

KOMMUNAL- OG REGIONALDEPARTEMENTET

## زانیاری گرنگ دەربارەی هەڵبژاردن

- یاسای نوێ ی وابەستە بە توانای دەنگدانت لە ڕۆژی هەڵبژاردندا .
- یاسای نوێ ی وابەستە بە توانای دەنگدانت لە پێشتر.
- یاسای نوێ ی وابەستە بە توانای گۆڕانکاریت لە کارتی دەنگ دا ندا.

دووشەممە ١٥-٩-٢٠٠٣ ڕۆژی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی شارەوانی و پەرلەمانی پاریزگایە.

لەهەندێ شارەوانی ڕۆژی هەڵبژاردن لە ١٤ مانگی نۆوە دەست پێدەکات.

کاتێ کە دەنگ دەدەیت، تۆیت کە بڕیار دەدەیت چ پارتێك لە پارتەکان یان چ کەسێك دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی شارەوانی و پەرلەمانی پارێزگا.

ئەمساڵ هەندێ یاسای نوێ و ئاسانترمان خستۆتەکار بۆ گۆڕانکاری کردن لە کارتەکانی دەنگداندا.

گۆڕانکاریەکانی کەلە کارتی دەنگدانەکاندا دەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە دەنگ دەدەن ،دەورێکی زیاتری دەبێت بۆ ئەوکەسانەی کە هەڵدەبژێردرێن و، کەم کردنەوەی دەسەڵاتی پارتەکان.

جابۆیە گەلێك گرنگە کە زۆربەی دەنگدەران سوود لە توانای گۆڕانکاری لە کارتی دەنگداندا وەربگرن.

## نوێکاریەکانی ئەمساڵ کاتێك کە دەنگ دەدەیت.

شارەوانیەکان بڕیاری شوێن و کاتی دەنگدان دەدەن لە ڕۆژی هەڵبژاردندا.

دەتوانیت لەهەموو نوسینگەیەکی هەڵبژاردنی سەر بەو شارەوانیەی کە تێیدا ناونووس کراویت دەنگ بدەیت. ئەمساڵ کارتی هەڵبژاردن لەڕێ ی پۆستەوە نانێردرێت بۆ دەنگدەران، وەك لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر بۆیان دەنێردرا. شارەوانیەکان خۆیان دەتوانن بڕیار سەبارەت بەمە بدەن.

کارتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سپی یەو، کارتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی پارێزگا شینە. ئۆسلۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی پارێزگای نی یە.

**بەم جۆرە ئەنجامی دەدەیت :**

١- کارتی دەنگدان بۆ ئەو پارتیەی یان کۆمەڵەی کە هەڵیان دەبژێریت لە کاتی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی شارەوانی یان پەرلەمانی پارێزگا هەڵدەگریت.

٢- گۆڕانکاریەکان لە کارتی دەنگداندا ئەنجام دەدەیت ئەگەر بخوازیت دەنگ بۆ تەنها کەسێك بدەیت.

٣- ئەمساڵ زەرفی نامە بەکارناهێنرێت. کارتی دەنگدانەکە بنوشتێنەرەوە بۆ ئەوەی کەس نەزانێت کە دەنگت بۆ کێ داوە.

٤- پەیوەندی بە کارمەندێکی هەڵبژاردنەوە بکە بۆ ئەوەی مۆر لە کارتی دەنگدانەکەت بدات.

٥- کارتی دەنگدانی مۆرکراو دەخەیتە سەندووقی هەڵبژاردنەوە.

## دەخوازیت پێشتر دەنگ بدەیت؟

دەتوانیت لەماوەی دووشەممەوە ۸/۱۱ تا هەینی ۹/۱۲ پێشتر دەنگ بدەیت .

ڕێسای دەنگ دان لە پۆست لابراوە. شارەوانی ئاگادارت دەکاتەوە کە لەکوێ دەتوانیت پێشتر دەنگ بدەیت. ئەگەر نەخۆش کەوتیت یان لەجێگە کەوتبێتیت، دەتوانیت داوا لە شارەوانیەکەت بکەیت کە لە ماڵەوە دەنگ بدەیت. دەتوانیت لە سەرانسەری شارەوانیەکاندا پێشتر دەنگ بدەیت.

ئەگەر لەشارەوانیەکی جیاواز لەو شارەوانیەی کە تێیدا ناونووس کراویت پێشتر دەنگ بدەیت لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی شارەوانی، یان لە دەرەوەی پارێزگاکەت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پارێزگا، ئەوا کارتێکی دەنگ دانت پێدەدرێت. لێرەدا ناوی هەموو پارتیە سیاسیەکان نووسراوە، بەڵام ناوی کاندیداتەکانی تێدا نەنووسراوە. لێرەدا دەتوانیت ئەو پارتیەی کە دەنگی بۆ دەدەیت نیشانە بکەیت یان ناوەکە لە لیستێکی ناوچەیی دا بنووسیت.

ناتوانیت سەرلەنوێ دەنگ بدەیت لە ڕۆژی هەڵبژاردندا گەر دەنگت لە پێشتر دابێت.

## چۆن دەتوانیت گۆڕانکاری لە کارتی دەنگ داندا بکەیت؟

کارتی دەنگدان ئەو پارتیەی کە دەنگی پێدەدەیت، دەست نیشان دەکات، ئەگەر بتەوێت دەنگ بە کاندیداتەکان بدەیت ، دەبێت گۆڕانکاری لە کارتی دەنگ داندا بکەیت/دەنگ بۆ کەسێك بدەیت.

ئێستا وەك جاران نی یە، ناتوانرێت ناوی کاندیداتەکان ڕەش بکرێتەوە.

کاندیداتەکان دەنگیان پێدەدرێت بۆ چوونە ناوەوە، نەك بۆ دەرەوە. ڕێنمایی سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕانکاری کردن ، لەسەر کارتی دەنگ داندا نوسراوە.

ترست نەبێت لە گۆڕانکاری کردن! کارتی دەنگ دانەکەت پشت گوێ ناخرێت، هەرچەند ئەگەر هەڵەشی تێدا بکەیت.

**له هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیدا دەتوانیت....**

* دەنگی خۆت بە کاندیداتەکان بدەیت لەسەر کارتی دەنگ دان.بەهەرحاڵ نیشانەیەک ( زەرب یان حەوتێک)

لە ئەو چوارگۆشەیە بدە کە لە تەنیشت ناوی ئەوکاندیداتانەیە کە دەنگیان پێ دەدەیت.

ئەگەر ناوی هەندێک لە کاندیداتەکان بە ئەستووری نوسرابوو، مانای ئەوە دەگەێنێت کە پارتیەکە/ گروپەکە

مافیپێشتریيانبەمانە داوەو و دەنگێکی زیاتریان پێداون، ئەم دەنگە زیادەیان وەرگرتووە ئەگەرچی

دەنگدەرەکان دەنگێکی کەسیان پێدابێتن یان پێ نەدابێتن.

دەتوانیت دەنگی کەسی بە زۆر کاندیدات بدەیت، هەرچەندە بە ئەستووری نوسرابێتن یان نەنووسرابێتن.

*دەنگی کەسی بدەیت بە کاندیداتەکانی پارتیەکان/گرووپەکان ی تر، بەمانایەکی تر سەربەخۆکان.

بەهەرحاڵ ناوی ئەوکاندیداتانە لە بەشێکی تایبەتی بە کارتی دەنگدانی پارتیەکەی خۆت بنووسە.

ئاگادار بە لەوەی کاتێک ناوی سەربەخۆکان دەنووسیت، بەشێک لە دەنگەکەت دەچێت بۆ

پارتیەکە/گرووپەکە ی تر. نرخی دەنگەکەت بۆ ئەو پارتیە/گرووپەی کە دەنگت پێداوە بەهەمان  ڕێژە

کەم دەبێتەوە.

ژمارەی ئەو سەربەخۆیانەی کە دەتوانیت بیان نووسیت، لەسەر کارتی دەنگ دان ئاماژەی پێکراوە.

**له هەڵبژاردنی پەرلەمانی پارێزگا دەتوانیت......**

* دەنگی خۆت بە کاندیداتەکان بدەیت لەسەر کارتی دەنگ دان.بەهەرحاڵ نیشانەیەک ( زەرب یان حەوتێک)

لە ئەو چوارگۆشەیە بدە کە لە تەنیشت ناوی ئەوکاندیداتانەیە کە دەنگیان پێ دەدەیت.

دەتوانیت دەنگی کەسی بە زۆر کاندیدات بدەیت.

ناتوانیت ناوی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پارێزگادا بنووسیت.






## کێ هەڵدەبژێردرێت؟

لەپێشدا دەستەی هەڵبژاردن ژمارەی نوێنەری پارتیەکان/گرووپەکان بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی شارەوانی یان پەرلەمانی پارێزگا دەست نیشان دەکات، لە ڕێ ی ژماردنیکارتی دەنگەکانەوە.

دوای ئەوە دەستەی هەڵبژاردن هەڵدەسێت بە ژماردنیدەنگە کەسی یەکان بۆ ئەوەی کاندیداتەکانی کە لە پێشەوەدێن دەست نیشان بکرێن.

## کێ مافی دەنگدانی هەیە لە هەڵبژاردنەکەدا؟

*ئەو هاووڵاتیە نەرویجیانەی کە تەمەنیان هەژدە ساڵ بێت لە کۆتایی ساڵی هەڵبژاردن دا، وە وەك دانیشتووی نەرویج جارێك ناونووس کرابێتن، گرنگ نی یە ئەگەر لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لە دەرەوەی ووڵات بژین.

*ئەو هاووڵاتیە ئەسکەندناڤیانەی کە تەمەنیان هەژدە ساڵ بێت لە کۆتایی ساڵی هەڵبژاردن دا، بەمەرجێك وەك دانیشتووی نەرویج ناونووس کرابێتن پێش ٥/٣١ ساڵی هەڵبژاردن وە بەردەوام لە نەرویجدا بژین لە ڕۆژی هەڵبژاردندا.

*ئەو هاووڵاتیە بێگانانەی کە تەمەنیان هەژدە ساڵ بێت لە کۆتایی ساڵی هەڵبژاردن دا، وە لە دایەرەی نفووس ناونووس کرابێتن وەك دانیشتووی نەرویج بەبەردەوامی لە سێ ساڵی پیش ڕۆژی هەڵبژاردن.

ئەو کەسانەی کە دەنگ دەدەن دەبێت ناونووس کرابێتن. تۆ ناونووس کراویت لە دایەرەی نفووس ی ئەو شارەوانیەی کە تێیدا ژیاویپێش ٥/٣١ ئەمساڵ. ئەگەر دوای ئەم مێژووە گواستبێتەوە، ئەوا هەر ناونیشانەکەی کە پێش ٥/٣١ هەت بووە بڕیاری شوێنی مافی دەنگ دانت دەدات.

**ناسنامەت لە بیربێت لە کاتی دەنگ داندا!**

**بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕێسای هەڵبژاردن، پەیوەندی بە شارەوانیەکەی خۆتەوە بکە، یان تەماشای www.valg.no بکە.**

**ناونیشانی ئینتەرنێتی شارەوانیەکەتزۆربەی جار بەم شێوەیەیە:**

**www. ناوی شارەوانیەکەت.kommune.no**

**هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو.**

مانگی هەشتی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە لە لایەن
وەزارەتی ناوچەو شارەوانی، بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بێگانە.

ژمارەی بڵاوکراوە : **H-2141** Sorani

ئەم بڵاوکراوەیە لەسەر ئینتەرنێتیش هەیە **www.valg.no:**